
# وشەکانی بەهەشت



ئامادە کردن و وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:

عەبدولڵا سلێمان(مەشخەڵ)

www.dengekan.com

**وتەی وەرگێڕ:**

ئەم شیعر و گۆرانیانە گەرچی بەژمارە کەمن ،وەلێ هەلگری کۆمەڵە کۆدێکی سۆسیۆلۆژی و ئاییني و فەلسەفی کلتوری نەیتیڤن ، کەزۆر جار وادەخوازێت ڕاڤەی جیاواز جیاوازیان بۆ بکرێت و تا مەبەستەکە بەدیار بکەوێت.دیارە کردنی ڕاڤەی جیاوازیش بۆ ئەم دەقانە لە قووڵی واتاکانی دەقەکانەوە نایەت بەڵکو لەدووری خوێنەرەوە دێت بۆ ناسینی کلتور و نەریت و شێوازی ژیانی ئەو نەیتیڤانە.

* شاعیرەکان لێرەدا بەشانازییەوە باس لە نەسەبی خۆیان دەکەن و دەیگێڕنەوە سەر ئاژەڵ و باڵندە و هەروەها تاکە کۆمەڵە مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییەن کە ئەفسانەی (ئادەم و حەوا) بە سەرچاوەی دەستپێکردنی ژیان ناناسن،و خوای ئەم نەیتیڤانە تاک خوا نییە و ئەمان کۆمەڵێ خوایان هەیە و هەر هەموو خواکانیان لەسەر زەوین یان لە ئاسمانن.

* تایبەتمەندییەکی تری ئەم دەقانە ئەوەیە کە کورتن ،بەڵام زۆر بەخێرا دەگەنە نێو دڵ و هەستی خوێنەر و هەروەها سادەن وەکو خۆیان.شاعیرەکان لە دەقەکانیاندا (تعمق)یان نەکردووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان ناوەڕۆکی سیاسی یان فەلسەفیان هەیە.

* پێکهاتەی وتەزاکانی نێو شیعری نەیتیڤ بریتین لە(هەتاو، دەریا،باڵندە،دارستان،و جەنگەڵ).ئەگەر ئەم پێکهاتانە دەرخەری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر بن، ئەوا بەشێکی گرنگ لە گۆرانیەکانیان دەرخستنی برک و ژان و خۆشەویستی نێو دڵیانە کە چەند هەزار ساڵە نەوە لەدوای نەوە وەکو پەیام بۆ یەکتری دەگۆێزنەوە.

* ئەم گۆرانی و شیعرانە سەرەتا بەزمانی نەیتیڤی خۆیان نوسراون و پاشان وەرگێڕدراونەتەسە زمانی ئینگلیزی و منیش وەرم گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

دوا جار بۆم مەبەستە خوێنەری کورد ئاشنا بێت بە ئەدەب و کلتوری نەیتیڤی دورگەکانی ( New Guinea ) ،ئەو مرۆڤانەی کەچەند هەزار ساڵە ئەم کیشوەرە گەورانەیان بە گۆرانیەکانیان لە بێدەنگی پاراستوە و ئەمڕۆش لەژێر پێی زەبەلاحی دونیای ئەمڕۆدا خەریکن لەنێو دەچن!.

## ماڵەکەم


(جەیمس ماکەین)

زۆر زۆر پێش ئێستا
پێش ئەوەی پیاوە سپییەکان بێنە ئێرە
ماڵەکەم لێرە بوو
ماڵەکەم وەکو کچێکی گەنج وابوو
جلی ئاڵووالای لەبەردەکرد
گوێزی هیندی و حەیزەران و کرۆتۆن جوانیان کردبوو
وەختێ هەتاو لێی دەدا
کێ دەتوانێ وەسفی بکات؟



تێبینی/کرۆتۆن وردە نانی برژاو یان گەرمکراوەیە لەگەڵ (سوپ) دەدرێت بە میوان

## خۆشەویستی





( ڤ.کواری گیمانا )

تۆ کچێکی جوانی لە بیرکردنەوەی خۆتدا
منیش ئەو کوڕەم کەتۆ بەشوێنیدا وێڵی
لەناو دڵی تۆدا دەنووم و
پەرژین دەکەم لەنێو دڵتدا .

## گۆرانی خۆشەویستی

(لوکاس ئایهی)

کچە جوانەکە
من و تۆ جارێکیان.......
ئێستاکە من دڵم تەنگە
بەتەنیایی لە نێوماڵەکەم



با هەڵیکرد
تۆ بیر لەمن دەکەیتەوە
گوێم لەگۆرانییەکەت بوو
لەنێو ماڵەکەم

با هەڵیکرد
تۆ بیر لەمن ئەکەیتەوە
پەیامەکەت گەیشت
لەنێو ماڵەکەم


## دیسانەوە خۆشەویستی

(ماکی نامابیرۆ)

دایکی ڕەش پێست:ئایا دەبێت هەستمە سەر پێ
یان دابنیشم تا ماچت بکەم؟
هەست بە شپرزەیی ئەکەم
نازانم چیبکەم_
هەستمە سەر پێ یان دابنیشم تا ماچت بکەم؟
دایك سوور پێست
ئایا دابنیشم یان هەستم ..هتد.

## نەریت

(گ.توبودە)





دڵم لێدەدات باپیرە
کاتێك دەتبینم  دەموچاوت سوورە
سینگت سوورە
لەشت ڕەنگاوڕەنگە و
جوان دەنوێنیت.
باڵەکانت بەرزبکەرەوە و لێم بگەڕێ تا بیبینم
سەرو تەنیشت و کلکی خۆتم نیشان بدە
دڵم لێدەدات کاتێك دەتبینم
ئەی باپیرە(یایاوا)

تێبینی/شاعیر لێرەدا نەسەبی دەباتەوە سەر باڵندەی (یایاوا)

## ژنێکی خاوەن دوو دەزگیران

(هاروها ئاپوپو)




ئەو پیاوە کێیە
کەبەدرێژایی کەنارەکە بەرەو ئێرە دێت؟
ئەوە (مایو)ە بۆ لای من دێت
یان دێت بۆ لای کەسێکی تر؟

ئەو پیاوە کێیە
کەبەدرێژایی کەنارەکە بەرەو ئێرە دێت
ئەوە(کێڤیی)ە بۆ لای من دێت

**یان دێت بۆ لای کەسێکی تر؟**

**تێبینی/(مایو) و (کێڤیی) هێمان بۆ دوو جۆر لە ئاژەڵ**

## ئابڕوو بردن

**(تیمۆتی ئۆسواڵد)**




**باشە تۆ دێی**

**تۆ هاتی وەك پیاوی ئازا**

**تۆ ئەترسیت ،لەماڵ بمێنەرەوە**

**تۆ بێ هێزی ، لەماڵ بمێنەرەوە**


**بڕۆ ، پاشان بڕۆ ،بڕۆ**

**بەسەر پردی (مانگرۆڤ) دا**

**بەسەر پردی دار خۆخدا**

**بڕۆ ، پێیدا بڕۆرەوە**

**تێبینی/مانگرۆڤ جۆرە نەمامێکە لە ڕۆخە لیتاوەکان وزۆنگاوەکاندا شین دەبێت کە ڕەگێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە لەسەر زەوی هەیە.**




## ژیان

**(ئە.ناتاجی)**

**دێم. دێم و دائەنیشم**

**چاوەڕوان دەبم،چاوەڕوان دەبم و دائەنیشم.**

**دێم. دێم و دەژیم**

**چاوەڕوان دەبم ،چاوەڕوان دەبم و دەژێم.**


## گۆرانی دڵداری

(ئیلیجاه ئیمۆری)

دوێنێ شەو تۆ هاتی
تا سەر بخەیتە سەر سەرینم
منیش لەگەڵ هەڵبەزە و دابەزەی سکما
لە خەونەکەم بێدار بوومەوە.

## گۆرانی کچێك

(کومالاو تاوالی)



گۆرانێك پێك دەهێنێ،تووکی نەرمی فرێدەدات

باڵندەکان دەڕۆن بەرێوە

مەمکەکانم نیشان کرابوون

کوڕە قۆزەکانیش سەیری دووریان ئەکرد

بەلەمی ڕۆحیش لەگەڵ هەرزەکارانە

کەچی ڕێگا ئەمبا بەرەوشۆێنێکی دوور

با دەچرپێنێ،هەوری ڕەشیشم پێدەگات

شەپۆلیش بێزارم دەکات.

## سروود بۆ مردوو

(جولی واستن)

خۆت بە گوریسەکەوە بگرە

بۆ ئەوهەڵۆیەی دەڕوات بەرەو دوور

بەڵەمەکەی منیش خێراتر ئەڕوات و

منیش دەگریم لەگەڵ خۆشی سەر دەریا

*.......... *

(ڕۆك ئاووە)

سەرکردەکان هەمیشە وتار دەدەن

منیش هەناویان بێزار دەکەم و

تۆش کەلەپچە دەهێنی

من بڕواکانیان تورە دەکەم و

تۆش کەلەپچە دەهێنی.

## گۆرانی داری وەلەب

(پۆکواری کەیڵ)

کاتێك لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتم

چاوەکانمان پڕ لە مۆز بوون

کاتێك لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتم


جانتاکانمان هەمیشە پڕ بوون

دایکمان بۆ کوێ چوو؟

لێرە ناڕۆم تا نەزانم

ڕووباری (لانێمە)یارمەتیم بدە! مەلاوێنەوە.

تێبینی/ لانێمە ناوی ڕوبارێکی دورگەکانی (نیو گیونیا)یە.



## کوڕەکە

(مۆری ڤاری)

باوکە، ها، تۆ منت خۆش ناوێ

دە با بڕۆین بگەڕێین لە سەگ ماسیەکەی ئێوارە

ئەو سەگ ماسییەی دایکە هەژارەکەمی خوارد

ئەو سەگ ماسییەی شەوان دەریا ڕاو دەکات

بەڵام تۆ نایکوژی

من ئەیکوژم

**چونکە دایکم خۆش ئەوێ و**

**نۆ خۆشیت ناوێ**

## بۆنە

**(مورەی ڕاسڵ)**

**پیاوێکی چینی بەسەر پاسکیلێکەوە**

**چەند کەلەرمی هەڵگرتبوو**

**گوندەکەت کوا؟**

**باڵندە بچکۆلەکەش بەسەر سەردا سوڕایەوە**

**سوڕایەوە و،سوڕایەوە**

*...........*

**(ستێفن پۆتی)**

**تۆ دووبارە دڵتەنگی**

**تۆ ئێستا تەنیای**

**ئەفسوس یەخەی پێ گرتین**

**ڕابەرمان نییە**

**تەماشای سەرەوە بکە ،ئەی دراوسێکەم**

**بڕوانە سەر ئەو گردانەی نێو جەنگەڵەکە**

**وەحشەت لە نێو گوندەکەدا جێگیر دەکات**

**جادووی سپی لەنێو گوندا جێگیر دەکات**

**تەماشای سەرەوە بکە ،ئەی دراوسێکەم**

**بڕوانە سەر ئەو گردانەی نێو جەنگەڵەکە**

**دووبارە بیر بکەرەوە،هەردوو پێکرا،دووبارە بیربکەرەوە.**

## هەڵبژاردن

**(جەستینە لیڤەیڵ)**

**هەڵبژاردنمان باش بوو**

**بەم نزیکانە بەچاکی دادەنیشین**

**ناوی نەژادمان**

(U S A) **وەردەگرێ.**

**تێبینی/مەبەست لە ناوهێنانی** ( U S A ) **داگیرکردنی دورگەکانی** (New Guinea) **لەلایەن ئەمریکاوە لە جەنگی جیهانی دووەمدا.**

*.............*

( ئالان نەتاچیی)

هەرکاتێك حکومەت

دەربارەی هاتنی ساڵی نوێ دوا

پاپۆڕێکی هەڵمی گەورە لەسەرەخۆ بەرەو ڕومان دێت

دەریاکە دڕە و

بای باشووری ڕۆژهەڵاتیش هەڵدەکات

کێ ئامادەیە بچێت بۆ جەنگ؟


دەریا دڕە و

بای باشووری ڕۆژئاوا هەڵدەکات

کێ ئامادەیە بچێت بۆ شەڕ؟

## باڵندە

(ڕاکە گوما)




تۆ باڵندەی ئەوێی،تۆ باڵندەی ئەوێی

تۆ بینی،تۆم بینی جوان بووی

تۆم بینی ،تۆم بینی بەدەستی خودا دروست کرای.

لەهەرکوێ بم ،بۆنی باڵندە ئەکەم

لەهەر کەیَ بم بۆنی باڵندە ئەکەم

گۆرانیەکەتم بۆ بڵێ

دوو باڵندە لەسەر قەدی دار ڕۆنیشتبوون

یەکیان فڕی بەرەو خوار و

ئەویتریشیان هە لەوێدا ماوەتەوە

باڵندەکان .....دەفڕن .

سەرچاوە/

Words of Paradise
Poetry of Papua New Guinea
Edited by Ulli Beier 1973

تێبینی/وێنەکان هەر لەهەمان سەرچاوەوە وەرگیراون.

تێبینی/هەندێك لە شیعرەکان بێ ناونیشانن من یان ناونیشانم بۆ داناون یان(*.....*) م بۆ داناون.

www.dengekan.com